DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.25

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پرۆسەی زانیین لە فەلسەفەی ئەفلاتون

**رابەر علی ئەحمەد**

قوتابی ماستەر

بەشی فەلسەفە، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/عێراق

rabar.philosophy@gmail.com

**پوختە:**

پوختە: پرسی زانین، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی فەلسەفە و دەکرێت گرنگترینیشیان بێت. کە لە ڕێگەی خستنە بەرباسی چەند پرسیار و ڕامانێکەوە و، هەوڵی شرۆڤەکردنی باسەکەی داوە، لەوانە، زانینی راستەقینە و خەسڵەتەکانی، ئامرازەکانی زانیین، چییەتی زانیین، و چۆنێتی زانیینی راستەقیینە و سنووری زانیینی مرۆیی...هتد و، ئەمانە پرسگەلێکن لە کایە و پاوانی ئیپستمۆلۆجیایی دا (تیۆری زانیین) تاوتوێ دەکرێن. لەم نێوەندەدا فەیلەسوفگەلێک مایەی سەرنجن بۆ دەوروبەری خۆیان و دوای خۆیان.

لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان دا، دەکرێ ئەفلاتون بە نموونەی باڵای تاوتوێی ئەم پرسە لەبەرچاو بگیرێت، کە بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە. ئەو ئەگەرچیی کتێبێکی تایبەتی بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە دانەناوە، بەڵام لە زۆرێک لە دیالۆگەکانیدا، بەلای ئەم بابەتەدا چووە و دەتوانرێت خوێندنەوەیان بۆ بکرێت. هەر ئەمەش وای کردووە لەم توێژینەوەیەدا پەنا ببرێتە بەر میتۆدی شیکاریی و، گوزەر بەنێو دەقەکانی ئەم گەورە فەیلەسووفەدا بکرێت و، هەوڵ بدرێت شرۆڤە و شیکارێکی ئیپستمۆلۆجیانەیان بۆ بکرێت. بۆ پێکانی ئەم ئاماجە توێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ چوار دەروازە و دەرئەنجام. لە بەشی یەکەم لەسەر شێواز و میتۆدی بیرکردنەوەی ئەفلاتون، هەوڵدراوە سەرەتا رەخنە لە بنەماکانی زانیینی هەستەکیی بگیرێت و ئەو رەخنانە بخرێتەڕوو، کە زانیینی هەستەکیی و بیرکردنەوەی سۆفستاییەکان دەخاتە ژێر پرسیاروە. دواتر ئەڵتەرناتیڤی زانیینی هەستەکیی لە تەوەری دووەم باسی لێوەکراوە، کە ئایا بنەماکانی زانیین چین و پرۆسەی دیالێکتیک چ رۆلێکی تێدا بینییوە. لە تەوەری سێیەم دا، باس لە سروشتی زانیین کراوە، کە چۆن ئەفلاتوون باس لە پرۆسەی وەبیرهاتنەوە دەکات. لە تەوەری چوارەم و کۆتایی دا، باس لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی زانیینی راستەقینە کراوە. دواتر ئەنجامێکی سەرتاپاگیرانە لەسەر ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە.

کلیلە وشەکان: ئپستمۆلۆجیی، زانیینی هەستەکیی، زانیینی راستەقینە، دیالکتیک

Recieved: 18/8/2021
Accepted: 16/9/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی:

هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیی و ئەو کاتەی مرۆڤ دەرکی بە بوونی خۆی کردووە، هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیین یەکێک بووە لە ئامانجە گرنگەکانی، جا ئەو زانیینە بۆ مەبەستی کۆنترۆ/کردنی سروشت بووبێت، یاخود بۆ دڵنەوایی و وەڵامی پرسیارە زۆر و زەوەندەکانی هزری خۆی بووبێت، یان مەبەست و مەرامی تری لە پشتەوە بووبێت. مرۆڤ لە هەوڵدابووە دیاردە و ڕووداوە سروشتییەکانی سروشت لێکبداتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێوستی بەوە بووە زانیین لە بارەی ئەو ڕووداو و دیاردانەوە کۆبکاتەوە، هەڵبەت لێکدانەوە و شرۆڤەکردنەکانی بە پێی کات و سەردەمەکان جیاوازن و هەر سەردەمە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر لە لێکدانەوەی ئەفسانەیی و ئایینیی هەتاکو شرۆڤەی فەلسەفییانە و زانستییانە.

لەسەرەتاوە، کاتێک مرۆڤ ڕوودانی دیاردە و ڕووداوە سروشتییەکانی بینیوە سەرسام بووە، ئەم سەرسامیی و سەرسوڕمانەش پرسیارگەلی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە بە ئامانجی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردەکان. دوای ئەوەی مرۆڤ هەوڵیداوە بە هۆی هێزی ژیرییەوە لە جیهانی دەوروبەری تێبگات، ئینجا ویستویەتی لە خودی خۆی تێبگات و، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار و ڕامان بووەتەوە؛ وەکو بوون چییە؟ دەروون چییە؟ جیهان چۆن دروست بووە؟...هتد. هەر فەیلەسوف و قوتابخانە و ڕێچکەیەکی فەلسەفییانەش کەم تا زۆر هەوڵیداوە بەشێکی لێکۆڵینەوەکانی بە ئاراستەی پرسی زانیین دا ببات. ئەفلاتون، کە لە گەوەترین فەیلەسوفەکانی مێژووی هزری فەلسەفەیە. لەم بوارەدا هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە و هەوڵیداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدێکی تایبەتەوە بگات بە سەرەنجامی زانیینی ڕاستەقینە و جیاوازییەکانی نێوان زانیینی ڕاستەقینە و زانیاری بخاتە ڕوو، کە ئەمەی دووەمیان ناچێتە خانەی زانیینی ڕاستەقینەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی هزر و بۆچوونە ئیپستمۆلۆژییەکانی ئەو گەورە فەیلەسوفە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسەکانی زانیین سەبارەت بە بۆچوونە ئیپستمۆلۆژییەکانی ئەفلاتون و وەڵامی پرسیارگەلێکی وەک ئایا زانیین چییە و زانینی ساختە و ڕاستەقینە کامانەن و بنەما و پێوەرەکانی بە دەستهێنانی ئەو زانیینە چین؟ هەڵبەت، بە پشتبەستن بە میتۆدێکی(شیکاریی) هەوڵدراوە بۆچونە ئیپستمۆلۆژییەکان لێکبدرێتەوە و هەنگاوەکانی توێژینەوەکە سەرپێ بخرێت.

## تەوەری یەکەم:

### ڕەخنە لە زانیینی هەستەکیی:

دەکرێت بڵێین پرۆسەی زانیین لە فەلسەفەی ئەفلاتون بە دوو ئاراستەدا دەڕوات، یەکەمیان ڕەهەندێکی نێگەتیڤانەی لە خۆ گرتووە، کە بریتییە لە ڕەخنەکردن و ڕەتکردنەوەی زانیینی هەستەکیی و بەرپەرچدانەوەی لایەنگرانی ئەو بۆچوونە بە تایبەتی (پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس)ی سۆفیست. ئاراستەی دووەمیش هەوڵدانە بۆ بنیاتنانی پرۆسەی زانیین لەسەر بنەمایەک، کە جیاوازە لە بۆچوونی هەستەکییەکان و پشت بە بۆچوونە فەلسەفییەکانی (ئەفلاتون) دەبەستێت. ڕەنگە بتوانرێت بوترێت ئەم ستایڵە تێڕامانە، کە بە ڕەخنەگرتن و هەڵوەشاندنەوە دەستپێدەکات و دواتر هەوڵی بونیادنان و پێشکەش کردنی ئەڵتەرناتیڤ دەدرێت، لە ژێر کاریگەریی میتۆد و ستایڵی سوکراتی مامۆستایەوە بووبێت.

لـە سـەرەتای گفتوگـۆی (تیاتیتـۆس)دا (ئەفلاتـوون لەسـەر زاری سـوکرات) هەوڵـدەدات مانـا و پێناسـەی زانیـین بخاتـەڕوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش سـەرەتا بـە پرسـیارکردن لـە (تیاتەتـۆس) دەسـتپێدەکات، بـەوەی ئایـا زانییـن چییـە؟ (تیاتەتۆس)یـش لـە وەڵام دا دەڵێـت، کـە زانیـن بریتییـە لـە هەسـتکردن. ((پێموابێـت ئـەو کەسـەی شـتێک دەزانێـت، هەسـت بـەوە دەکات، کـە دەیزانێـت، شـێوازی دەرکەوتنـی ئـەو زانیینـەش لە ئێسـتادا، ئـەوە هەسـتکردنە)). (ئەفلاتون، سـیاتیتۆس ٢٠١٥، ٢٧). دواتـر (سـۆکرات) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە ئەمـە هەمـان بۆچوونەکـەی (پرۆتاگـۆراس)ە، کـە پێیوایـە مـرۆڤ خـۆی پێـوەری هەمـوو شـتێکە، لـەو بارەیـەوە هەوڵـدەدەت بۆچوونـی ئـەو سۆفسـتاییە ڕوون بکاتـەوە.

«سـۆکرات: کەواتـە دەزانیـت ئـەو شـتێکی لەمجـۆرەی وتـووە، وەک ئـەوەی شـتەکان چـۆن لـە مـن دیـارن، ئـاوان بـۆ مـن، چـۆن لـە تـۆش دیـارن ئـاوان بـۆ تـۆ. مـن و تـۆش هەردووکـمان مرۆڤیـن». (ئەفلاتـون, سـیاتیتۆس ٢٠١٥, ٢٩). سۆفسـتاییەکان بـە گشـتیی و (پرۆتاگـۆراس) بـە تایبـەت، پێیانوایـە ڕاسـتی سروشـتێکی ڕێژەیـی هەیـە و هەمیشـە لـە گۆڕاندایـە، هـەر بۆیـە بـۆ هـەر کەسـێک بـە جۆرێـک دەردەکەوێـت، ئەمـەش وادەکات هەمـوو کـەس، کـە مەبەسـت لێـی تاکـە کەسـە، پێـوەری ڕاسـتیی بێـت، جگـە لـەوەش هـەر جـۆرە زانیینێکـی ڕەهـا و جێگیـرو نەگـۆڕ ڕەتدەکەنـەوە. (گاتـری ١٣٧٧، ٤٦). دواتـر هەوڵـدەدەت بـە شـێوەیەکی گاڵتەجاڕانـە بـاس لـەم تیـۆرە بـکات و دەڵێـت، ئەگـەر بـە قسـەی (پرۆتاگـۆراس) بێـت مەیمـوون و ئاژەڵەکانـی تریـش دەبـن بـە پێـوەری هەمـوو شـتێک، چونکـە ئەوانیـش هەسـتییان هەیـە و دەتوانـن هەسـت بـە شـت بکـەن. هەروەهـا دەڵێـت، ئەگـەر ئـەوەی بـۆ کەسـێک ڕاسـت بێـت تەنیـا خـودی ئـەو کەسـە دەتوانێـت ئەزموونـی ئـەو شـتە بـکات و بـە هیـچ جۆرێـک ئـەو ڕاسـتییە، کـە بـۆ ئـەو کەسـە دەردەکەوێـت، ناتوانرێـت بخرێتـە ژێـر تاقیکردنـەوەوە. (ئەفلاتـون, سـیاتیتۆس ٢٠١٥, ٥٢). هەروەهـا لەوانەیـە ئـەو کەسـەش، کـە پێیوایـە ڕاسـتیی زانییـوە، بۆچوونـی کەسـانی دی بـە هەڵـە بزانێـت، چونکـە ئـەو پێیوایـە ئـەوەی بـۆی دەرکەوتـەوە بریتییـە لـە ڕاسـتیی. جگـە لـەوە، پێیوایـە ئەوانـەی کۆیلـەی هەسـتن و بـە هـۆی هەسـتەکانەوە بڕیـار لەبـارەی شـێکەوە دەدەن، کەسـانی ڕەشـۆکیی و ئاسـت نزمـن و گیـرۆدەی خەیـاڵ و ناڕاسـتیین. (کامـل ٢٠١٩، ٦٤). لـە نمونـەی ئەشـکەوت دا (ئەفلاتـون) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، ئـەو سـێبەرانەی لەسـەر دیـواری بـەردەم بەندکـراوەکان دەردەکەوێـت، ئەوانیـش بەهـۆی هەسـتەکانەوە (بینیـن) دەرکـی پێدەکـەن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەوە تەنیـا سـێبەرە و ڕاسـتەقینە نییـە، واتـا هەسـت ناتوانێـت ڕاستەقینەمان بـۆ بگوازێتـەوە. ئـەوەی لەسـەر دیوارەکـە دەردەکـەون سـێبەری ڕاسـتیین، بـەڵام ئـەوان وەکـو ڕاسـتەقینە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن. کەواتـە بـۆ دەسـکەوتنی زانیین و ناسـیینی ڕاستەقینە پێوسـتمان بـە خـۆ داماڵیـن هەیـە لـە کاریگەریـی هەسـتەکان.

لـە گفتوگـۆی (فایـدۆن) دا، ئەفلاتـون ئامـاژە بۆ دوو جۆر بـوون دەکات. یەکەمیان گۆڕاوە و لەناو چووە و ناڕاسـتەقینەیە و بـە هـۆی هەسـتەکانەوە دەناسرێـت، دووەمیـش بوونێکـی هەمیشـەیی و جێگیـر و نەگـۆڕە، کـە ناتوانیـن بـە هـۆی هەسـتەکانەوە بیناسـیین. (ئەفلاتـون، فایـدۆن ٢٠١٥، ٤٩). کەواتـە لەمـەوە ئـەوە دەردەکەوێـت، کـە ئـەو زانیینـەی لـە جیهانـی هەسـتیی و بـە هـۆی هەسـتەکانەوە بەدەسـت دێـت، سـاختەیە و بـە زانیـن هەژمـار ناکرێـت. ئـەو ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە ئەگـەر هەمووـمـان پێـوەری ڕاسـتیی ئـەو شـتانە بیـن، کـە هەسـتیان پێدەکەیـن، کەواتـە هەمووـمـان دانایـن. (ئەفلاتـون, سـیاتیتۆس ٢٠١٥, ٥٤). هیـچ کەسـێک لـە کەسـێکی تـر شـارەزاتر نییـە، چونکـە بـەم پێـوەرە هەمـووان زانـان و دەرک بـە ڕاسـتیی دەکـەن. هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی زانیـن لـە بۆچوونـی سۆفسـتاییەکاندا پێوەسـتە بـە تاکـە کـەس و ڕاسـتیی بریتییـە لـەوەی چـۆن بـۆ تاکەکـەس دەردەکەوێـت، بـەڵام (ئەفلاتـون) بـە تەواویـی دژی ئـەم بۆچوونـە وەسـتایەوە و پێیوابـوو ئەگـەر ڕاسـتییەک هەبێـت، دەبێـت ڕاسـتییەکی گشتگیر(شـمولی) بێـت و

بۆ هەموو کەسێک هەمان شت بێت.

ئەگەر هەموو شتێک پێوەست بێت بە هەستپێکردنی تاکە کەسەوە، کەواتە هەموو شتێک راست دەبێت بۆ ئەو کەسەی هەستی پێدەکات، ئەمە وادەکات هیچ راستییەکی بابەتیی بوونی نەبێت و ئەو زانینەش، کە هەیە ئاوێتەی دوودڵیی و گومان بێت. (مطر ١٩٦٥، ١١٥). لە گفتوگۆی (تیاتیۆس)دا دەپرسێت: ئایا هەستەکان دەتوانن زانست بەرهەم بهێنن و زانین بگوازنەوە؟ بە بڕوای (ئەفلاتون) هەستەکان تەنیا دەتوانن ئەو پرۆسەیە بگوازنەوە، کە لە گۆڕانی بەردەوامدایە و پرۆسەی گۆڕاویش زانینی هەمیشەیی لێناکەوێتەوە، بەم پێیە هەستەکان تەنیا دەتوانن هەندێک ڕەهەندی سادەی دیارکراومان بۆ بگوازنەوە، وەکو ڕەنگ، تام، قەبارە،...هتد. (مطر ١٩٦٥، ١١٥). کەواتە هەستەکان توانای ئەوەیان نییە زانینمان بدەنێ لە بارەی شتێکەوە، کە ناهەستانە بێت و نەکەوێتە ناو بازنەی هەستەکانەوە، بەم شێوەیە دەتوانین بلێین هەستەکان تەنها زانیاریی و داتای هەستەکیی سەبارەت بە ڕێکەوت لە ئارادابوو، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە دەماندەنێ. لە کاتێکدا لای (ئەفلاتون) زانینی راستەقینە بابەتێکە لە سەرو هەستەکانەوە. هەستەکان تەنیا دەتوانن ئەو بابەتانەمان بۆ بگوازنەوە، کە ئاوێتەیین و پەیوەندیدارن بە شتێکی ماددییەوە، بۆ نموونە گەورەیی یان بچووکیی بەردێک، زەردیی یان سەوزیی دەرەختێک، بەڵام پێویستە بپرسین؛ ئێمە چۆن دەتوانین لە بارەی هەمەکییەکانەوە بزانین؟ چۆن دەربارەی چەمکی گەورەیی و بچووکیی و سەوزییەوە بزانین لە کاتێکدا ئەوان بابەتی هەستیی نین. (غالب ١٩٨٨، ٤٠). هەروەها ئیدراکی هەستیی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دژیەکیی لە زانیندا، هەندێک شت لە نزیکەوە گەورە دیارە، بەڵام کاتێک دوور دەکەوێتەوە بچوک دەردەکەوێت. (ستیس ١٩٨٤، ١٥٤). هەروها هەندێک شت لە دوورەوە بە ڕەنگێک دەردەکەوێت و لە نزیکیشەوە ڕەنگێکی ترە، یاخو دەنگێکی دیاریکراو لە گوێی هەندێکمان دا پەسەندە و لای هەندێکێشمان بێزارکەرە، کەواتە دەبێت بپرسین کام لەم ڕەهەندانەی تایبەت بەم شتانە، کە بە هۆی هەستەکانەوە ناسیبومانن راستەقینەن؟ ئەمە وادەکات هەرگیز نەتوانیین بە هۆی هەستەکانەوە ڕاستییەکی جێگیرمان سەبارەت بە شتەکان دەستگیر ببێت، چونکە لە بنەڕەتدا زانینی راستەقینە پێوەستە بە بابەتی جێگیر و نەگۆڕەوە، نەک بابەتەکانی جیهانی ماددیی گۆڕاو. چونکە ئەگەر یەکێک لەو بۆچونانە قبووڵبکەین، دەبێت بۆچوونەکانی دیکە ڕەتبکەینەوە و یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا پەسەند بکەین، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ بۆچونی سۆفستاییەکان، کە پێیان وابوو تاکەکەس خۆی پێوەری راستیی و دروستیی هەموو شتێکە. بەم شێوەیە داکۆکییان لە زانینی ڕێژەیی دەکرد.

هەروەها بە پێی بۆچوونی سۆفستاییەکان بێت، ناتوانین جیاوازیی بکەین لە نێوان راستیی و ناڕاستیی دا، شتێک لە هەمان کات دا راستە و ساختەشە، بۆ من راستە و بۆ تۆش هەڵەیە، یان بە پێچەوانەوە، چونکە هەردوو بۆچوونەکە لە هەستی تاکە کەسیمانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو کاتە گفتوگۆ لەبارەی راستیی و ناڕاستیی مانایەکی نامێنێت. جگە لەوەش ئەمجۆرە لە زانین هیچ بەڵگە و سەلماندنێک لە خۆ ناگرێت، ئەگەر مرۆڤ پێوەری هەموو شتێک بێت بە هۆی هەستەکانەوە، کەواتە ئیدراکە هەستییەکان لە لای منداڵێک هەمان بەهای هەیە لەگەڵ ئیدراکی هەستیی لای کەسێکی پێگەیشتوو یاخود دانا و فەیلەسوفێک، ئەمەش وادەکات هەرگیز هیچ کەسێک نەتوانێت فێری هیچ شتێکی نوێ ببێت. (ستیس ١٩٨٤، ١٥٥). جارێکی تر (ئەفلاتون) تانە لە سۆفستاییەکان دەدات، بەوەی ئەوان هیچ فێری خەڵک ناکەن، بەڵکو بە هۆی هونەری رەوانبێژییەکەیان باوەڕ لای ئەو خەڵکە دروستدەکەن، کە مەرج نییە ئەو باوەڕە لەسەر بنەمای زانینێکی دروست دامەزرابێت.

(ئەفلاتـون) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە ئەگـەر بـەو جـۆرە بتوانییـن زانییـن بەدەسـت بهێنیـن، کەواتـە جیاوازیـی ناکرێـت لـە نێـوان دانایـەک و نەزانێـک، چونکـە هەردووکیـان خـاوەن ئیدراکـی هەسـتیین، ؛لـەم ڕوانگەیەشـەوە تانـە لـە (پرۆتاگـۆراس) دەدات و، دەڵێـت ئـەو ناتوانێـت بانگەشـەی ئـەوە بـکات، کـە دانایـە.

«سـۆکرات: کەواتـە هاوڕێـم، ئیـتر چـۆن دەتوانیـن بڵێیـن پرۆتاگـۆراس پیاوێکـی دانایـە، یـان ئەوەنـدە دانایـە، کـە خـۆی لـێ بـووە بـە مامۆسـتای پیاوانـی تـر و کرێـی زۆریـش وەردەگرێـت. لـە کاتێکـدا ئێمـە بـە بـەراورد بـەو، خەڵکێکیـن نـەزان و پێویسـتمان بەوەیـە بچیـن و لـە بـەر پێـی ئـەودا دابنیشـیین. ئێمـە هەریەکەمـان خۆمـان پێـوەری دانایـی خۆمانیـن». (ئەفلاتـون, سـیاتیتۆس ٢٠١٥, ٥٣).

بـە بـاوەڕی (ئەفلاتـون) ئەگـەر بـاوەڕ بـە تیۆرییەکـەی سۆفسـتاییەکان بهێنیـن لـە بـارەی زانینـەوە، ئـەوە ناتوانیـن لێکۆڵینـەوە بکەیـن لەبـارەی ئـەوی شـتەی دەیزانیـن، یاخـود فێـری بوویـن بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی پێـمان وا دەبێت کـە دەزانیـن، هەروەهـا ناشـتوانین لێکۆڵینـەوە بکەیـن لەبـارەی ئـەوەی نایزانییـن، چونکـە نازانیـن. (ماتیـی ٢٠١٢، ٥٧). بـە شـێوەیەکی گشـتیی، ئەفلاتـون هـەروەک چـۆن بـاوەڕی بـە بوونـی جیهانـی هەسـتپێکراو و گـۆڕاو هەبـوو، بـەم جـۆرەش پێیوابـوو ئـەم جیهانـە هەسـتییە ڕێگـرە لـەوەی ببێـت بـە بابـەت بـۆ ڕاستییە هەتاهەتاییـەکان، تەنانـەت، ئەگـەر شـتە هەسـتییەکان تایبەتمەندییەکـی یەکسـان بـۆ ماوەیـەک بپارێـزن، بـەڵام دواتـر هـەر لەنـاو دەچـن، کەواتـە ئەوانـە ئـەو شـتانە نیـن، کـە بتوانیـن لـە ریـزی ڕاسـتییە هەتاهەتاییـەکان دا جێگیـر بکرێـن. بـۆ نمونـە سێگۆشـە، کاتێـک شـتێکی سێگۆشـە(مێزێکی سێگۆشـە) لـە نـاو دەچێـت، کـە بابەتێکـی هەسـتییە و لـە جیهانـی ماددییدایـە، بـەڵام وێنـەی ڕەسـەنی سێگۆشـە وەک خـۆی دەمێنێتـەوە و لەنـاو ناچێـت. (تەیلـۆر ٢٠١٨، ٤٩٥). واتـە لەبەرئـەوەی ئەم جیهانـە بابەتـی هەسـتییە و دەکرێـت بـە هـۆی هەسـتەکانەوە دەرک بکرێـت، هەربۆیـە ناتوانیـن زانیینـی هەمیشـەیی نەگـۆڕ لێـرەدا بدۆزینـەوە، چونکـە لـە ڕاسـتییدا زانیینـی ڕاسـتەقینە بابەتـی هەسـتکردن نییـە.

جگـە لـەوە ئەگـەر پێمانوابێـت تیۆریەکـەی (پرۆتاگـۆراس) درووسـتە ئـەو کاتـە دەبێـت پێمانوابێـت بۆچوونـی تاکـە کەسـێک بریتییـە لـە لوتکـەی زانیـن و، بێگومـان ئـەم بۆچوونـەش لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکـە دەگۆڕێـت، ئەمـەش دەمانخاتـە نـاو دژیەکییەوە(پارادۆکس)، چونکـە ئـەو کاتـە ناتوانییـن بـە تـەواوی لەبـارەی یـەک ڕاسـتەقینەی جێگیـر قسـە بکەیـن، بەڵکـو چەندەهـا ڕاسـتیی دەربـارەی یـەک بابـەت بوونیـان دەبێـت و ئـەو ڕاسـتییانەش بـە یەکتریـی ناکۆکـن، چونکـە لـە دەرککردنـی هەسـتیی تاکـە کەسـەوە سـەرچاوەیان گرتـوە، تەناتـە زانییـمان لەبـارەی یەک بابەتـەوە، لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی تـر لـەوەدا نیـە جیـاواز بێـت بـە هـۆی ئـەو بارودۆخـەی کـە تیایدایـن و بەهـۆی سروشـتی هەسـتکردنمان.

بە گشتی ڕەخنەکانی (ئەفلاتون) دەربارەی سۆفستاییەکان دەتوانرێت لە چەند خاڵێک دا کورت بکرێتەوە:

یەکـەم: کاتێـک پرۆتاگـۆراس دەڵێـت ڕاسـتەقینە هـەر ئەوەیـە، کـە بـۆ تاکـە کـەس دەردەکەوێـت، ئـەی لەبـارەی ئـەو کەسـانەوە چیـی دەڵێـت، کـە لـە ڕابـردوودا سـەبارەت بـە بابەتێکـی هاوشـێوە دەرکیـان بـە بۆچوونـی جیـاواز کـردووە. بۆیـە ئەگـەر تیۆرییەکـەی ئـەو ڕاسـت بێـت، کەواتـە نابێـت هیـچ گومانێـک هەلبگـرێ و، ناشـبێت تێپەڕیینـی ڕۆژگار کار لـەو ڕاسـتییە بـکات.

دووەم: چـۆن دەتوانیـن پشـت بـە هەسـتەکان ببەسـتین، لـە کاتێـک دا دژیەکیی(پارادۆکس)مـان تیـادا دروسـت دەکەن. ئـەو درەختـەی لـە نزیکـەوە گـەورە دیـارە، لـە دوورەوە بـە بچووکـی دەردەکەوێـت، لـە کاتێـک دا هەمـان درەختە.

سـێیەم: ئەفلاتـون بـاوەڕی وایـە سۆفسـتاییەکان بـە هـۆی شـارەزاییان لـە هونـەری ڕەوانبێژیـی، خاڵـی لاوازی کەسـانی

دیکە دەدزۆنەوە و هەوڵدەدەن باوەڕییان پێ بهێنن، واتە مەرج نییە ئەوان راستەقینە فێری خەڵکی بکەن، بەڵکو ناڕاستیی بە نرخی ڕاستەقینە بە خەڵکی دەقەبڵێنن.

چوارەم: ئەگەر هەستەکان پێوەری ڕاستەقینە بن، کەواتە ئاژەڵەکانیش وەک مرۆڤەکان دەتوانن ڕاستەقینە بناسن، چونکە هەردووکیان خاوەن تایبەتمەندیی هەستیین. ئەو کاتە لە جێی ئەوەی بڵێین مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، دەشتوانین بڵێین ئاژەڵ پێوەری هەموو شتێکە.

پێنجەم: ئەگەر بۆچونەکەی پرۆتاگۆراس ڕاستبێت و هەموو کەس خاوەنی ڕاستەقینە بێت، کەواتە هەموو کەسێش ڕاستەقینەی ئەوانی ڕەتدەکەنەوە، بەم پێیەش دەروونی مرۆیی دەبێتە دەروونێکی ناڕاستگۆ، چونکە تەنیا خودی خۆی پێ ڕاست دەبێت.

شەشەم: بە هۆی ئەم تیۆرییەوە ناتوانین راست و ناڕاست لە یەکتریی جیا بکەینەوە، هەموو شتێک لە هەمان کاتدا راستە و ناراستیشە. بە جۆرێک چەمکێک دوو مانا لە خۆ دەگرێت، یاخو بە بێ مانا دەبێت.

حەوتەم: ئەم تیۆرە هەموو شتێک دەگێڕێتەوە بۆ هەستەکان و ڕۆڵی ئەو شتانە نادییدە دەگرێت، کە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری هەستەکان. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە پارچە کاغەزێک ناتوانین بە تەنیا بە هۆی هەستەکانەوە بزانین، کە ئەمە کاغەزە نەک پارچە تەختەیەک، چونکە هەستەکان تەنیا دەرکەوتەکان دەناسن، بۆ نمونە چاو ڕەنگ و شێوەی کاغەزەکە دەبینێت و لەوێوە کاری ژیرە، کە جیایبکاتەوە لە پارچە تەختەیەک. (أمین ٢٠١٧، ١٠٠و١٠١).

## تەوەری دووەم: بنەماکانی زانینی ڕاستەقینە:

لە باسەکانی پێشوودا زانیمان، کە (ئەفلاتون) بەرپەرچی زانینی هەستی دەداتەوە و، پێیوابوو ئەو زانینەی بە هۆی هەستەکانەوە بەدەست دێت، ناتوانێت ببێت بە زانینێکی دڵنیایی. کەواتە ئەو پرسیارە هەر ماوەتەوە، ئایا زانینی ڕاستەقینە چییە؟ و لە چ ڕێگایەک بەدەست دەهێنرێت؟ ئەو بنەمایانە چین زانینی ڕاستەقینەیان لەسەر دادەمەزرێت؟ زانین چییە و زانیاریی چییە؟ جیاوزییەکەیان لە کوێدایە؟

ئەفلاتون بە پەیڕەوییکردن لە (سۆکرات)ی مامۆستای پێیوابوو زانیین بریتییە لە تیگەیشتن لە چەمکە هەمەکییەکان، بەڵام لەوەدا لەو جیاواز بووە، کە پێیوابوو ئەو چەمکە هەمەکییانە یاخود ئەو ئایدیایانەی، کە بە هۆیانەوە زانین بە دەست دێنین، بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە لە دەرەوەی هزردا، بەڵام بە هۆی هزرەوە دەرک دەکرێن.(ستیس ١٩٨٤، ١٥٨). لەڕاستیی دا سەرجەم لایەنەکانی فەلسەفەی (ئەفلاتون) وەکو زنجیرەیەکی بە یەکەوەبەستراو وایە و هەر لایەنە تەواوکەری ئەوی ترە. هەر وەک چۆن بوون دابەش دەکات بۆ دوو لایەن، کە بریتین لە جیهانی هەستیی(بینراو) و جیهانی ئایدییەکان(نەبینراو). جیهانی هەستیی جیهانێکی ناڕاستەقینەیە و سێبەر و لێکەوتەی جیهانە ئایدیاڵییەکەیە. ئەگەر بوونی راستەقینە بریتی بێت لە بوونێکی نموونەیی و بە هۆی ژیرەییەوە بناسرێت، کەواتە بوونی هەستپێکراو بوونێکی ساختەیە و وەکو نەبوون وایە لەبەرامبەر بوونی راستەقینەدا. ئەو زانینەش بە هۆی هەستەکانەوە بەدی دێت بە زانین هەژمار ناکرێت. بەم پێیەش زانینی راستییەکان بریتی دەبێت لە دەرککردن بەو جیهانە ڕاستەقینەیە و دەرککردن بە شتە هزرییەکان، کە هەمان ئایدیاکانن. تاکە ئامرازیش، کە بتوانێت بمانگەیەنێت بەو جۆرە لە زانین، واتە زانینێک دڵنیایی بێت و تایبەت بێت بە بابەتە جێگیرەکان بریتییە لە ژیر(ئەقڵ). (المنیاوی ٢٠١٥، ١٨٤). فەیلەسووفی فەرەنسایی (پۆڵ ڕیکۆر)

لەو بارەیەوە دەڵێت، پێوەری زانستیی پوخت و بەدەستهێنانی زانینی ڕاستەقینە بریتییە لە ڕەهایی(المطلق) و زانین پێویستە لەسەر بنچینەیەک دامەزرێت، کە لە خۆیدا ڕەها بێت، هەروەها ئەو زانینەش پێوەستە بە بوونی ڕاستەقینەوە نەک بە پێچەوانەوە و، زانستی تەواویش دەبێت بە جۆرێک بێت، کە هۆکار بێت بۆ ڕەواندنەوەی گومان و هەست. (ریکور ١٩٥٤، ٢٩). واتە ئەو زانینە دەبێت بنەمای بەتاڵکردنەوەی زانینی هەستیی لە خۆیدا هەڵگرتبێت و، سەرجەم بانگەشەکانی زانینی هەستیی و هەستییەکان پوچەڵبکاتەوە.

هەروەک پێشتر (ئیلیاییەکان) و (سۆکرات)یش ئاماژەیان بۆ کردووە، کە مەعریفەی دڵنیایی بریتییە لە مەعریفەی ژیریی. (ئەفلاتون) بە وردیی لە بنەماکانی زانینی کۆڵیوەتەوە و لە دەرەنجام دا گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە زانین پەیوەندییدارە بە جیهانێکی ماقووڵ(معقول)، بوونی ئایدیاکانیش زامنی بەدەستهێنانی ئەو زانینەن، ئەم داهێنانەی (ئەفلاتون) وایکرد جیاوازی بکرێت لە نێوان (بەشەکی و هەمەکی_الجزئی و الکلی). (کرم ٢٠٢١، ١٥٠). هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەتا مرۆڤ خۆی بە بنەڕەتی یەکەمی بوونی شتەکان نەگەیەنێت و ئەو قۆناغانە نەبڕێت، کە دەیگەیەنێت بەو بنەڕەتە، ناکرێت زانیینەکەی بە زانینی ڕاستەقینە هەژمار بکرێت. ڕاسل(١٨٧٢_١٩٧٠)، لە ڕێگەی هێنانەوەی نموونەیەک هەوڵدەدات ڕوونی بکاتەوە، کە زانین چییە و جیاوازیی چییە لەگەڵ وەهم و نەزانین، وێنای کەسێک بکە، کە شتە جوانەکانی خۆشدەوێت و هەمیشە بە پێوستی دەزانێت لە شانۆگەرییە نوێیەکان ئامادەبێت و، فیلمی نوێ ببینێت و، گوێ لە مۆسیقای جوان بگرێت و، دیمەنی جوان ببینێت، بەڵام ئەو کەسە فەیلەسووف نییە، چونکە تەنیا شتە جوانەکانی خۆشدەوێت، بەڵام فەیلەسووف خودی جوانیی خۆشدەوێت. ئەو کەسەی تەنیا شتە جوانەکانی خۆشدەوێت، پێوەستە بە دنیای هەستیی و جوانیی ئاوێتەی هەبووە ماددییەکانی خۆشدەوێت، نەک جوانی پەتیی (ئەبستراکت)، ئەو کەسەش، کە جوانی ڕەها بناسێت، ئەوە کەسێکی هۆشیارە و ئاگایی هەیە سەبارەت بە ڕاستەقینە. کەسی یەکەم تەنیا خاوەنی وەهمە، بەڵام کەسی دووەم، کە خودی جوانیی ڕەهای خۆشدەوێت خاوەنی زانینە. (ڕاسل ٢٠١١، ٢١٤). تەنیا فەیلەسوف دەتوانێت بە لێوردبوونەوەی ژیرەکی بگات بە خودی شتەکان، هەر بۆیە ئەو کەسەی دەتوانێت ئایدیای ڕەهای شتەکان بناسێت خۆشیشی دەوێت. ئەوەش ڕوونە، کە وەهم لە دنیای هەستپێکراوەوە بەرهەم دێت، بەڵام زانین تایبەتە بە جیهانی نامادیی، هەمیشەیی، نەگۆڕ، ڕەها و ژیرەکییەوە، کە ئایدیاکانن.

ڕێگاکانی گەیشتن بە زانین لای (ئەفلاتون) بریتییە لە ئیدراکی ژیرەکی و زانین سەبارەت بە ئایدیاکان و، ئەمەش پێوەستە بەو میتۆدەی باسی لێوە کردووە، ئەویش (دیالێکتیک)ە. لە (کۆمار)دا هاتووە، «لە دیالێکتیک دا ئەو کەسەی لە ژێر ڕۆشنایی هۆش دا بەبێ یارمەتی هەستکردن بگەڕێت، ڕەها دەدۆزێتەوە، دەتوانێت چاکەی ڕەهاش ببینێت، وەک چۆن لە بینین دا کەسێک دوا شت لە جیهانی هەستیی دا دەبینێت، ئەویش بە دوا ڕەها لە جیهانی هۆشەکیی دا دەگات». (ئەفلاتون، کۆمار ٢٠٠٩، ٢٤٧). دیالێکتیک لە فەرهەنگی (لالاندا) وەها پێناسە کراوە، کە ڕێگەیەکە بۆ پەروەردەکردن، هەروەها بریتییە لە هونەری دیالۆگ بە شێوەی پرسیار و وەڵام، جگە لەوەش دەکرێت وەکو هونەری ڕیزکردنی شتەکان بە هۆی جۆر و ڕەگەزەوە پێناسەی بکەین. (لالاند ٢٠٠١، ٢٧٣). دیالێکتیکیش دوو ئاراستەی هەیە (دیالێکتیکی هەڵکشاو و دیالێکتیکی داکشاو).

دیالێکتیکی هەڵکشاو: (الجدل الصاعد): لە دیالێکتیکی هەڵکشاودا ژێر لە جۆر (نوع)، کە بچووکترین یەکەی هەمەکییە، دەستپێدەکات بەرەو ئایدیای چاکەی باڵا. ئەمەش پرۆسەیەکە تیایدا زانیین سەبارەت بە ئایدیا و

وێنـە هزرییـەکان کـۆ دەکرێتـەوە، تاوەکـو دەگاتـە دوا پلـەی خـۆی، کـە گەیشـتنە بـە ئایدیـای چاکـە. (عبدالجبـار ۲۰۰۸، ۱۱۸). واتـە ژێـر لـە قۆناغـی دەسـتپێکی دیالێکتیکـی هەڵکشـاودا لـە بابەتـی هەمەکیـی سـادە هەڵدەکشـێت بـە ئامانجـی گەیشـتن و ناسـینی هـۆکاری یەکەمیـن. بەمجـۆرە هەڵکشـانە بـەرەو جـۆرەکان و ڕەگـەزەکان هەتـا لـە کۆتایـی دا دەگاتـە ڕەگـەزی ڕەگـەزەکان، کـە ئەویـش لـە خـۆی دا بریتییـە لـە ئایدیـاکان و دواجـار ئایدیـای چاکـەی بـاڵا. (ئیـمام ۲۰۱۵، ۱۹۱). لـە (کۆمـاردا) ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکرێـت، دیالێکتیکـی هەڵکشـاو وەکـو ئـەو کەسـانە وایـە، کـە لـە ئەشـکەوتەکەدا بـوون و سـەرەتا تەنیـا سـێبەریان بینیـووە، بـەڵام دواتـر واز لـەوە دەهێنـن و ڕووە دەکەنـە پەیکـەرەکان، هەتاکـو ڕاسـتەقینەکەیان ببینـن و پاشـان دەڕۆن بـەرەو دەرگای ئەشـکەوتەکە، واتـە بەرەوپیـری ڕاسـتیی دەڕۆن و لـەوێ خـۆر دەبینـن. بینینـی ئـەو شـتانەی لـە دەرەوەی ئەشـکەوتەکە بوونیـان هەیـە، هـزری ئەوکەسـانە بێـدار دەکاتـەوە و تێدەگـەن، کـە ئـەوان لـە هەڵـە و سەرلێشـێواویی دا بـوون، بەمـەش ئـەو بەشـەی بوونـی مـرۆڤ، کـە دەیەوێـت بـە جیهانـی بـەرز بـگات دەکەوێتـە کار. (ئەفلاتـون، کۆمـار ۲۰۰۹، ۲٤۷). هەڵبـەت ئـەو بەشـەش بریتییـە لـە ژیر(عەقـڵ)، لەبەرئـەوەی ئامانجـی ژیـر، گەڕانـە بـە دوای زانییـن و زاسـتی کامـڵ دا. (کـرم ۲۰۲۱، ۱۳۷). گەیشـتن بـە زانییـن، بـە بەدەسـتهێنانی ئاگایـی و هۆشـیاریی سـەبارەت بـە ناڕاسـتیی ناوەڕۆکـی سـێبەرەکان دەسـتپێدەکات و، لەگـەڵ دۆزینـەوەی بەزرتریـن ڕاسـتیی دا (ئایدیـای چاکـەی بـاڵا) دەگاتـە دوا پلـە و ترۆپکـی زانییـن.

لـە ڕاسـتیی دا، دەتوانرێـت بوترێـت ئـەو میکانیزمـەی دیالێکتیکـی هەڵکشـاو لەسـەری دەڕوات بەرێـوە، بەجۆرێکـە، لـە گشـتاندنێکەوە دەچێـت بـەرەو گشـتاندنێکی تـر، تاوەکـو دەگاتـە ڕەگـەزە گشـتییەکان. کەواتـە دەرچوونـی مـرۆڤ لـە دنیـای نـاو ئەشـکەوت و ئاشـنا بـوون بـە جیهانـی دەرەوەی ئەشـکەوت، ڕیگایەکـە بـەرەو زانییـن، هەرکەسـێک بتوانێـت خـۆی لـە دۆگـما و سـێبەری نـاو ئەشـکەوت دەربـاز بـکات و، ڕاسـتی دەرەوی ئەشـکەوت بناسـێت، ئـەوا لـە ئەنجـام دا بووەتـە خاوەنـی زانیـن و، ئـەو کەسـەش کـە توانیویەتـی بـگات بـەو پلەیـە ئـەوە فەیلەسـووفە و، بـەم پێیـەش زانیـن لای کەسـی فەیلەسـووف سـەرهەڵدەدات، نـەک کەسـێک گیـرۆدەی بابەتـە هەسـتییەکان بێـت و، سـەرچاوەی زانیینەکـەی تەنیـا دنیـای نـاو ئەشـکەوت بێـت.

دیالکتیکـی داکشـاو (الجـدل النـازل): هـەر وەک چـۆن لـە تیـۆری ئەشـکەوت دا ئـەو کەسـەی دێتـە دەرەوەی ئەشـکەوت و جیهانـی دەرەوە دەبینێـت و بـە ڕاسـتەقیینە ئاشـنا دەبێـت، تێـدەگات ئـەوەی لـە ئەشـکەوت دا هەیـە تەنیـا سـێبەر و ناڕاسـتەقیینەیە، واتـا ئـەو کەسـە بـە پرۆسـەیەکی بەرەوسـەردا تێپەڕیـوە لـە میانـەی ئـەو تێپەڕیینـە بـە ئاسـتەکانی زانییندا گـوزەری کـردووە، تاکـو گەیشـتووەتە زانیینـی ڕاسـتەقیینە و دوا پلـەی زانیـن، بـەڵام دواتـر ئـەو کەسـە کە(فەیلەسـووفە)، دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاو ئەشـکەوت تاوەکـو ئەوانـی تـر هۆشـیار بکاتـەوە، یاخـود ڕاسـتەقیینەیان پـێ ئاشـنا بـکات. ئەمـەش بـۆ خـۆی دابەزینـە لـە ئاسـتێکی بـاڵاوە بـۆ ئاسـتی نزمـتر. هـزر ئایدیاڵـەکان بـە پێـی ڕەگـەز و جـۆرەکان ڕێکدەخـات و جیهانـی ژیرەکـی بـەو شـێوەیەی، کـە هەیـە پێناسـەدەکات، بـۆ تەواوکردنـی ئـەم پرۆسـەیەش پێوسـتیی بـە دابەزیـن هەیـە لـە بەزتریـن ئایدیـاوە بـەرەو نزمترینیـان، ئەمـەش دیالێکتیکـی بەرەوخوارەوە و ئامـراز و بنەڕەتەکەشـی بریتییـە لـە دابەشـکردن و ڕێکخسـتنی ڕەگـەزەکان. دابەشـکردن لـە بابەتـی دیارییندکـراوە بـەرەو بابەتـی دیاریکـراو دەڕوات، واتـە لـە یەکێتیـی ڕەگـەزەوە دەسـتپیدەکات و، هەروەهـا لـە بنەمـا یەکەمینـەکان و، بنەمـا تاکـەکان بـەرەو ئەنجـام و لێکەوتـە فـرەکان دەڕوات (کـرم ۲۰۲۱، ۱٤۹). واتـە لـە جیهانـی ڕاسـتەقیینەوە، کـە تایبەتـە بـە ئایدیـا هەمەکییـەکان و. لـەو جیهانـەدا کـە بـۆ سـەرجەم بابەتـە فرەییـەکان، کـە سـەر بـە یـەک پۆلـی دیارکـراون لـە جیهانـی هەسـتیی دا، یـەک ئایدیـای هەمەکیـی هەیـە، لەوێـوە بـەرەو خوارتـر دەڕوات، بـەم

پێیەش دیالێکتیکی داکشاو پرۆسەیەکە تەواوکەری دیالێکتیکی هەڵکشاوە و، هزر لە میانەی ئەم دوو پرۆسەیەدا سەرجەم بەشەکان و جۆرەکان دەناسێت. وەک باسمانکرد؛ بە گوێرەی بۆچوونەکانی(ئەفلاتون) ئەو کەسەی کە هاتۆتە دەرەوەی ئەشکەوت و ڕاستەقینەی ناسیووە (فەیلەسووف) دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکە و لەگەڵ ئەو کەسانەدا بژیی، کە هەرگیز ڕووناکیی ڕاستەقینەیان نەبینیووە. فەیلەسووف دەبینێت، کە ئەشکەوتێک هەیە و کەسانێک تیایدا دەژین و گیرۆدەی نەزانین، ئەوا هەستی مرۆڤدۆستیی وای لێدەکات بگەڕێتەوە ناویان. (ڕاسل ٢٠١١، ٢٢٨). بەڵام ئەم گەڕانەوەیەش یاخود ئەم داکشانەش بێ کێشە نییە و ئاستەنگی دێتە پێش، چونکە ئەو چیتر ڕاستەقینەی ناسیووە و ڕووناکی دەرەوی ئەشکەوتی بینییووە، بۆیە سەختە بتوانێت لەجیهانی سێبەردا بژیی.

«هەموو کەسێک دەزانێت، چاو لە دوو حاڵەتدا بە تەواوی نابینێت: کە لە ڕووناکییەوە دەکەوێتە ناو تاریکییەوە، یان لە تاریکییەوە دەکەوێتە ناو ڕووناکییەوە. ئەمە بەسەر دەرونیش دا دەسەپێت. دەروونێکی شێواو و شپرزە ناتوانێت بە دروستیی شتەکان ببینێت». (ئەفلاتون، کۆمار ٢٠٠٩، ٢٣١). ئەو کەسەی لە تاریکییەوە دەڕوات بۆ ڕووناکیی تاوەکو ئەو کاتەی بەرچاوی ڕووناک دەبێتەوە ناتوانێت بە باسی جیهانی دەوروبەری ببینێت و، ئەوکەسەش کە لە ڕووناکییەوە دەچێتە تاریکییەوە شەوارە دەبێت و بەباشیی ناتوانێت ببینێت. ئەو کەسەی هاتۆتە دەرەوەی ئەشکەوت و لە میانەی پرۆسەیەک، کە بە دیالێکتیکی هەڵکشاو و بەرەو سەر ناوزەدمان کرد دەستی گەیشتووە بە زانینی ڕاستەقینە و بنەڕەتی شتەکانی ناسییووە، وەک ئەوە وایە ڕووناکیی بینبێت، بەڵام پرۆسەکە کامڵ نابێت، ئەگەر نەگەڕێتەوە بەرەو جیهانی خوارەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین زانین و زانیاریی دوو شتی لە یەکتریی جیاوازن. زانیین لێکەوتی پرۆسەیەکی هزریی دیالێکتیکییە لە گەیشتن بە ئایدیاکان، لە کاتێکدا زانیاریی داتای هەستەکییە سەبارەت بە شتی هەندەکیی و جیهانی گۆڕاوی دەورووبەر.

## تەوەری سێیەم:

## بیرکەوتنەوەو لە بیرچوونەوە لەو پرۆسەی زانیندا:

ئەمە یەکێکە لەو بابەتە سەرنجڕاکێشانەی (ئەفلاتون) ئاماژەی بۆ کردووەو پێیوایە مرۆڤ لە بنەڕەتدا هەموو شتێک دەزانێت، بەڵام بەهۆی لە بیر چوونەوەو دووچاری نەزانین دەبێت و زانینیش هیچ نیە جگە لە بیر هاتنەوە. بە گشتی بە شێوەیەکی وورد ئەم باسەی لە گفتوگۆی (مینۆن)دا باسی لێوەکراوە. هەروەها لە (فایدۆن)دا ئاماژەی بۆ دەکات.

ئێمە لە هزری خۆماندا دەتوانین چەمکە هەمەکییەکان بدۆزینەوەو دەرک بەوە دەکەین، کە زۆرجار ئەو بابەتانە دەزانین بە جۆرێک، کە دەکرێت لە هزرماندا لە بابەتە هەستییەکان دایانبماڵین. دواتر هەر خۆی دەپرسێت و دەڵیت، کە ئایا ئەم زانینەمان لە کوێ بووە؟

لە گفتوگۆی مینۆندا لە سەر زاری (سۆکرات) چەند پرسیارێکی قورسی ئەندازیاری ئاراستەی کۆیلەیەکی نەخوێندەوار دەکات، بە ئامانجی ئەوەی بیسەلمێنێت، کە کۆیلەکەش دەتوانێت بە هۆی هێزی بیرکەوتنەوەو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، هەرچەند قورس و گرانیش بن، بۆیە هەوڵدەدات پرسیارەکان بە جۆرێک بکات، کە وەڵامەکانی لە کۆیلە نەخوێندەوارەکەوە دەستبکەوێت.

«سۆکرات: مینۆن ئێستا جوان سەرنجبدە بزانە ئەم کوڕیژگەیە لە منەوە هیچ فێر دەبێت، یان تەنیا شتی بە یاد دێتەوە.

مینۆن: باشە سەرنجمداوە.

سۆکرات: کوڕیژگە بڵێ بزانم ئایا دەزانی چوارگۆشە شێوەیەکی ئاوای هەیە؟

خزمەتکار: بەڵی.

سۆکرات: کەوایە چوار گۆشە چوار لای یەکسانی هەیە و ژمارەی لاکانیش چوارە، وانییە؟

خزمەتکار: ڕێک وایە.

سۆکرات: ئایا ئەو دوو هێڵەی بە نیوەڕاستی ئەم چوارگۆشەیەدا تێپەڕیون، یەکسان نین؟

بەڵێ» (ئەفلاتون، مینۆن ٢٠١٤، ٤٠). گفتوگۆکەی (سۆکرات) لەگەڵ خزمەتکارە درێژەی دەبێت لەبارەی چوارگۆشەو شێوە ئەندازییەکەوە، (سۆکرات) بە هۆی شێوازە تایبەتەکەی لە گفتوگۆدا یارمەتی خزمەتکارەکە دەدات شتی بە یاد بێتەوە.

لە نمونەی (ئەشکەوت)دا، (ئەفلاتون) باوەڕی وایە کەسانی نێو ئەشکەوتەکە پێش پەیدابوونیان لە شوێنێکی دیکەدا ژیاون و زانینێکی تەواویان سەبارەت بە هەبووەکان لە فۆڕمی هەمەکیدا هەبووە. بەڵام زیندانی کردنیان لە نێو ئەشکەوتی ژیان لەگەڵ سێبەرەکان و بەڕاست زانینیان هێندە سەختە و دۆگمای ئەشکەوت بەسەریاندا زاڵدەبێت وڕێگە نادات بە ئاسانی ڕابردووی خۆیان بیر کەوێتەوە، لەبەر ئەمەش پێویستیان بە بیر هاتنەوەیە (کەمال ٢٠١٠، ١٥٥). بەڵام ئەو ژیانەی پێشتر ژیانێکی ماددی نەبووە و لە جیهانی هەستیشدا نەبووە، تەنانەت لە ناو جەستەشدا نەبووە، بەڵکو مەبەستی ژیانی دەروونە پێش ئەوەی دابەزێتە جیهانی هەستی و بخرێتە ناو جەستەوە. لێرەوە دەکرێت بڵێین (زانین بیرهاتنەویە و نەزانینیش لەبیرچوونە) (کامل ٢٠١٩، ٦٢). ئەمەش واتای ئەوەی هەرچەندە پەیوەست بین بە دنیای ماددی و دابڕێین لە دنیای ئایدیالی زیاتر لە زانین دووردەکەوینەوە، چونکە ئەو پەیوەستبوونە بە دنیای ماددی ڕێگرە لەوەی زانینمان بیر بێتەوە. (ئەفلاتون) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە مرۆڤ ژیانێکی پێشوتری هەبووە ئەو دەروونە رووتە(دەروون لە دەروەی جەستە)، پێشتر لە جیهانی ئایدیاکان ژیاوەو ژیانێکی نمونەیی هەبووە، لەبەڵام دواتر دابەزیوە بۆ جیهانی هەستپێکراو، هەربۆیە کاتێک دەروون لە جیهانی بەرزەوە دەگوازێتەوە بۆ جیهانی نزم بە هۆی ژیانی لە جیهانی نزمدا ڕاستییەکانی لە بیر دەچێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هزری مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە بە هۆی هزرین و بیرکردنەوەی ژیرەکی و دیالێکتیکیانە شتەکانی بیر بێتەوە. کەواتە پێوستە لەسەر مرۆڤ هەوڵی بیرهاتنەوەی هەموو ئەو شتانەبدات، کە پێشتر زانیویەتی. (المنیاوی ٢٠١٥، ١٨٥). دەرونیش، لەخۆ گری هەردوو تایبەتمەندی ژیری و هەستییەو سیفەتێکی دوو لایەنەی هەیە، بۆیە ڕێی تێدەچیت و دەتوانێت لە جیهانی ئایداکان تێبگات، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا سەر بەو جیهانەیە، هەروەها دەشتوانێت لە جیهانی هەستی تێبگات، چونکە لە ناویدا دەژی و بەهۆی ئامادە بوونی لەناو جەستەی ماددیدا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەو جیهانە.

کەوا ئەو کەسە هیچ شتێک لە کەس فێرنابێت،بەڵکو تەنیا بە یارمەتیدان و بە هۆی ئەو پرەنسیپە، کە (ئەفلاتون) ئاماژەی بۆ کرد، واتە میتۆدی دیالکتیک و گفتوگۆی ژیرەکی یارمەتی دەدات تاکو ئەو زانیارییانەی، لە بنەڕەتدا دەیزانی و بیری چۆتەوە بیری بکەوێتەوە، بەمەش زانین لای ئەو کەسە سەرهەڵدەدات. واتە مرۆڤ

خـودی خـۆی لایەنـی سـەرەکی بـۆ فێربـوون و گەیشـتن بـە زانیـن و ئەوانـی تـر تەنیـا دەتوانیـن یارمەتـی بـدەن و ئاسـانکاری بـۆ بکـەن بـۆ دۆزینـەوەی ڕێـگا ڕاسـتەکە نـەک ئـەوەی بتوانـی فێـری شـتێکی بکـەن. هەروەهـا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە ئەگـەر خزمەتکارەکـە لـەم ژیانـەدا بـە هـۆی خوێنـدن و فێربوونـەوە ئـەو شـتانەی بەدەسـت نەهێنابێـت، کەواتـە دەدبێـت لـە ژیانێکـی دیکـەدا فێـری بوبێـت. ئامـاژە بـۆ ئـەوەش دەکات لەبـەر ئـەوەی دەروون نەمـرە و ڕاسـتەقینەی شـتەکان لـە دەروونمانـدا جێگیـرن، بۆیـە تەنیـا بـە هـۆی بیرهاتنـەوەوە شـتەکان دەزانیـن.

«جـا ئەگـەر هەمیشـە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام ڕاسـتەقینەی بوونـەکان لـە دەروونمانـدا هەبـن، کەوایـە دەروونمـان یـان ڕوحـمان نەمـرە، واتـە ئـەو شـتەی دەیبینێـت فێربـوون نییـە، بەڵکـو هـەوڵ دەدات لێـی بکۆڵێتـەوەو بەیـادی بێتـەوە» (ئەفلاتـون، مینـۆن ٢٠١٤، ٥٥).

لـە ڕاسـتیدا بـە پێـی ئـەم تیۆرییـە ئێمـە لەبـەر ئـەوەی زانیـاری پێشـوەختەمان دەربـارەی جیهانـی بـەرز هەیـە و پێـش ئـەوەی بێینـە سـەر دونیـا ئەزموونمـان کـردووە، بیـری لیدەکەینـەوە، ئـەم ناسـین و زانییـە لـە کاتـی لـە دایکبوونـدا وون دەبێـت، بـەڵام بـە شـێوەیەکی پەنهانـی لـە ناخـی دەروونـدا دەمێنێتـەوە. دواتـر لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی کەسـێک سـەبارەت بـە جیهانـی نمونـەکان و لـە ڕێگـەی دیالکتیکـی، بەشـێوەیەک دووره پەرێـزی لـە هەسـتەکان بکرێـت بـە ئەنجـام دەگات و دەگات بـە زانینێکـی زگماکـی. (تەیلـۆر ٢٠١٨، ٥١٥). بـۆ ئـەوەی یارمەتـی کەسـێک بدەیـن بکەوێتـە پرۆسـەی بیرهاتنـەوەوە، پێوسـتە بـە ڕیگـەی پرسـیارکردن یارمەتـی بدەیـن، بـەڵام مـەرج ئەوەیـە بـە شـیوەیەکی دروسـت پرسـیاری لێبکەیـن، چونکـە پرسـیاری دروسـت وەڵامـی دروسـتی لێدەکەوێتـەوە، چونکـە مـرۆڤ لـە دەرونیـدا زانینێکـی دروسـت دەزانێـت، بۆیـە پرسـیاری دروسـت ئـەو زانینـە دروسـتە دەهێنێتـەوە یـادو بـەو هۆیـەوە زانینـمان بـە بیـر دێتـەوە. (ئەفلاتـون، فایـدۆن ٢٠١٥، ٣٥). لـە ڕاسـتیدا ئـەم تیـۆره لەسـەر چەنـد بەڵگەیـەک ڕاوەسـتاوە، کـە ڕاسـتی و دروسـتییەکەی سـاغ دەکەنـەوە:

بەڵگـەی یەکـەم: پەیوەنـدی بـەو جـۆری پرسـیارکردنەوە هەیـە، کـە دەکرێـت، پرسـیاری ڕاسـت وەڵامـی ڕاسـتی لێدەکەوێتـەوە، ئەگـەر پرسـیارێکی دورسـت و ژیرەکیـمان لـە کەسـێک کـرد، بـە ناچـاری وەڵامێکـی دروسـتمان دەسـت دەکەوێـت، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو کەسـە پێـش ئـەوەی پرسـیاری لێبکرێـت لـە هزریـدا ئـەو زانیارییـەی هەبـوو، کـە لـە وەڵامـی پرسـیارەکەدا دەربیڕیـوە، بـەڵام پرسـیارەکە یارمەتـی دا، تاکـو زانیارییـە دروسـتەکەی بـە بیربێتـەوە.

بەڵگـەی دووەم: ئـەم بەڵگەیـە بریتییـە لـە بەدەسـتهێنانی زانیـن بـە هـۆی هاوشـێوەکانەوە، واتـە بابەتێـک دەکرێـت بـە هـۆی هاوشـێوەکەیەوە بناسرێـت. بـۆ نمونـە کاتێـک کەسـێک دەبینـی ڕاستەوخۆ هاوڕێکەیـمان بیـر دێتـەوە، واتـا ناسـینی بابەتێـک یارمەتیـدەره بـۆ بیرهاتنـەوەی بابەتێکـی دیکـە. ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی زانیـن پێشـتر هەبـووەو لـە بیرمـان چۆتـەوە، بـەڵام لـە جیهانـی هەسـتیدا بـە هـۆی هەندێـک هـۆکارەوە بـە یادمـان دێتـەوە. ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە ئـەو شـتەی بـە هـۆی شـتێکی تـرەوە بیرمـان دێتـەوە بـە ڕەهایـی و تـەواوی بیناسـین، بەڵکـو ئەوبیرهاتنەویـەە دەروازەیەکـە بـۆ ناسـینی ئـەو بابەتـە و سـەرەتایەکە بـۆ زانینـی زیاتـر دەربـارەی. زانینـمان دەربـارەی بیرۆکـە هاوشـیوەکان بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی زانینـمان دەربـارەی بیرۆکـەی تریـش هەیـە، بـەڵام تاکـو ئـەو کاتـە بـە بیرمـان دێتـەوە بـە شـاراوەیی دەمێنێتـەوە. (الشـین ١٩٩٨، ٣٤٥).

## تەوەری چوارەم:

## مەرج و تایبەتمەندییەکانی زانینی ڕاستەقینە:

وەک باسمانکرد و ڕوونمانکردووە، کە ئایا زانین چییەو ئامرازی بەدەستهێنانی زانین چییەو سروشتەکەی چۆنە، زانین، کە سروشتێکی ژیرەکی هەیە و بە هۆی دیالکتیکەوە لە دوو پرۆسەی بەرەو سەرو بەرەو خوار دەتوانین پێی بگەین، جگە لەوەش ئەوەی دەیزانین لە ڕاستیدا بیرماندێتەوە، واتە ئێمە شتەکان دەزانین و لە بیرمان چۆتەوە، هەوڵدانیش بۆ بەدەستهێنانی زانین هەوڵدانە بۆ بیرکەوتنەوەی ئەو زانینەی لە جیهانی نمونەیدا فێری بووینە. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا زانینی ڕاستەقییە چ مەرج و تایبەتمەندییەک لە خۆ دەگرێت. بۆ ئەوەی زانینێک بە ڕاستەقییە هەژمار بکەین پێویستە سیفەتەکانی چی بێت و ئەو خاڵە گرنگانە چین، کە دەبنە مەرج بۆ دروستبوونی زانینیکی ڕاستەقینە.

یەکەم: زانین نابێت گومان لە خۆیدا هەڵبگرێت، چونکە گومان لەبەردەم دوو ئەگەردایە، یان ڕاست دەبێت، یان هەڵە دەبێت، زانینی ڕاستەقینەش جگە لە ڕاست بوونی نابێت دەرفەتی هیچ ئەگەرێکی تر بدات، بە ناچاری دەبێت ڕاستبێت.(كيلاني ٢٠٠٩، ٢٢٣). لەگەڵ ئەوەشدا زانین لەسەر بنەمای بەڵگەو سەلماندن دادەمەزرێت، بەڵام گومان لەسەر بنەمای پێشبینی و بۆچوون دادەمەزرێت.

دووەم: زانین لە بنەڕەتدا سروشتێکی هەمەکییانەی هەیە و پەیوەستە بە فۆڕمە هەمەکییەکانەوە لە جیهانی نمونەیدا. (کەمال ٢٠١٠، ١٥٧). بەهیچ شێوەیەک بابەتە هەندەکییەکان زانین لە خۆ ناگرن، هەربۆیە زانینی ڕاستەقینەن ناسینی ئایدیا هەمەکییەکانە.

سێیەم: زانینی ڕاستەقینە ژیرەکییەو ئامرازی زانینەکەش ژیر(عقل)ە، بابەتی زانینەکەش برتییە لە بوونی نەمرو جێگیر. واتە زانینی چییەتییە نەگۆڕەکان، ئەو چییەتییە نەگۆڕانەش بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییان بە جیهانی هەستییەوە نییە، هەربۆیە راستەقینەی ڕەهان و شایانی گۆڕان نین و ڕاستییەکەی لەسەر ئەو بنەڕەتە چەسپیوە، کە ئەم زانینە نوێنەرایەتی بوونی ڕاستەقینە دەکات. (الوالي ٢٠٠٩، ١٦٩).

چوارەم: زانینی ڕاستەقینە پەیوەستە بە زانینێکی لە پێشینەیی. واتە زانینێک لە دەرووەی ئەزموون و هەستەکان. پێشیمەرجی بەدەستهێنانی ئەو زانینەش بریتییە لە بیرهاتنەوە. واتا ئەو زانینەی، کە بیرماندێتەوە بۆ یەکەمجار نییە دەیزانین، بەڵکو لە کاتێکی تر و لە شوێنێکی دیکەدا زانیومانە.

پێنجەم: سسیتەمی هزری ئەفلاتون لەسەر بنەمای ناکۆکی نێوان فۆڕمەکان و شتە هەستەکییەکان دامەزراوە، لەم ناکۆکیی و دژایەتییەدا فۆڕمەکان ڕاستەقینەترو واقعییانەتر هەژماردەکرێن و چییەتییەکایان سەربەخۆیە. (تەیلۆر ٢٠١٨، ٥٠٦). وەک وتیشمان زانین پەیوەستە بە چییەتییە هەمەکییەکان، ئەو پرەنسیپەش بە تەواوی لە بابەتە ژیرەکییەکاندا دەردەکەوێت و لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکە لەگەل بابەتە هەستییەکان، ئەمەش واتا ناکرێت زانین لەو بابەتە هەستیانەوە بەرهەم بهێنرێت.

شەشەم: بە هۆی ئەوەی زانین بابەتێکە دەبێت، دوور لە هەڵەو کەمو کوڕی بێت، پەیوەندەی بە شتێکەوە هەیە، کە هەمیشە هەیە. ناکرێت زانین سەبارەت بە نەبوو بێت. لەبەر ئەوەش، کە زانین پەیوەستە بە بوونی ڕاستەقیینە، ناوەڕۆکی بوون بە یەکێک لە هەستەکان دەرککناکرێت. ناسینی ڕاستەقیینە تێگەیشتنە لە خودی بوون، واتا ئاگادار بوون لەو شتەی بە ڕاستی بوونی هەیە زانینە. هەستکردن لە بەرئەوەی لە بوون تێناگات ناتوانێت بگەیەنێت بە ڕاستەقیینە. تێگەیشتنیش لە بوون برتییە لە تێگەیشتن لە (واتا)ی بوون یاخو

ئەوەی بوون لە چی پێکهاتووە (تەیلۆر ٢٠١٨، ٥٢٥). ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی ژیرە نەک هەستەکان.
حەوتەم: زانین پێویستە بەجۆرێک بێت، کە لە هەموو کات و شوێنێک هەمان واتای دروستی هەبێت، واتا ڕەها بێت. ئەمەش واتە دەبێت سەبارەت بە شتێک بێت، کە هەمیشە ڕەها و ڕاستە.
هەشتەم: لەو شتانەی، کە بابەتی هەستکردنن هەمیشە زانیاری جیاواز دەربارەی شتێکی دیاریکراو دەکەوێتەوە، بۆیە نابێتە زانین، چونکە زانینی تەواو سەبارەت بە بابەتی نەگۆڕەو ڕەهایە، بەڵام دەربارەی شتێک، کە بابەتی ژیرە بەردەوام یەک وەڵامی گشتیمان دەست دەکەوێت. ئەمە وەکو ئەو نمونەیە کە دەڵێت، ئەگەر پرسیار لە کۆمەڵە کەسێک بکرێت، کە ئایا جوانترین ڕەنگی پەلکەزێڕینە کامەیە؟ بێگومان لە ئاکامدا چەند وەڵامێکی جیاوازمان بەرگوێ دەکەوێت، بەڵام ئەگەر هەر لەو کۆمەڵەیە بپرسین کە دوو کۆ دوو دەکاتە ەند؟ بێگومان دەبێت بە ناچاری سەرجەم وەڵامەکانی وەک یەک بن. (گاردەر ٢٠١١، ١٤٩). چونکە ئەمە بابەتی بیرکردنەوەو ژیرەو لێرەدا ژیر بڕیار دەدات بۆیە ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە هەمیشە ڕاستە.
ئەنجامگیری:
کەواتە بە گشتی زانین لای ئەفلاتون سروشتێکی ژیرەکی هەیەو ژیر ئەو ئامرازەیە، کە بە هۆیەوە دەگەین بە ڕاستەقینە. ئەو زانینەش سەبارەت بە جیهان و بوونی ڕاستەقینە و ئایدیاکانە و زانینی هەستی ناچێتەوە خانەی زانینێکی ڕاستەقینەوە. ڕێگای گەیشتنیش بەو ڕاستییە لە میانەی پرۆسەو میتۆدێکە، کە بە دیالکتیک ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا زانین وەک ئەفلاتون ئاماژەی بۆ کردووە زانینێکی پێش ئەزموونییە و مرۆڤ پێشرو لە جیهانی بەرزدا هەموو شتێکی زانیوە، بەڵام کاتێک دەروونی لەگەڵ جەستەدا ئاوێتە بووەو بوونی کەوتۆتە ناوی جیهانی ماددی هەستییەوە ڕووبە ڕووی لە بیرچوونەوە بووە. ئەمەش واتە هەوڵی بەدەستهێنانی زانین هەوڵی بیرهاتنەوەو یادکردنەوەی زانینێکی پێشوترە. ئەم پرسەیە پەیوەستە بە تێگەیشتن لە تیۆری ئایدیاو بووناسی ئەفلاتون، چونکە زانینی ڕاستەقیینە بە باوەڕی ئەو سەربەم جیهانە نییەو پێوستە زانین و تیگەیشتنمان تایبەت بێت بە جیهیانی نمونەیی و ئایدیاکان، چونکە زانین دەبێت گشتگیرو ڕەها بێت، لەبەر ئەوەی ئەم جیهانەش(جیهانی ماددی) هەتا هەتایی نییە و لە ناودەچێت بۆیە نابێتە بابەت بۆ زانینی ڕاستەقیینە.

## Knowledge process in Plato's philosophy


### Abstract:

Reflection on epistemology is one of the inseparable aspects of philosophy. A major part of philosophical thinking attempts has been made to answer questions such as what are the characteristics of true wisdom? How is the knowledge obtained? What is the nature of the knowledge? The quality of true knowledge and the limits of human knowledge ... etc. issues in the field of the app are discussed. Philosophers attracted attention in this regard; in classical Greek philosophy, Plato can be considered a great example of discussion in this field, which is discussed in this research. Although he has not written a specific book on this subject, in most of his dialogues he has raised this issue and can be discussed

it. This has led to the use of a historical analytical method in this study and to magnify the passage of the texts of this philosopher and provide an epistemological analysis. To achieve this goal, the research is divided into four chapters and one conclusion. In the first chapter, based on Plato's way of thinking, first, an attempt is made to critique his method to express, how it questions the empirical agent and sophistical thinking. The alternative to empirical knowledge is then stated in the second chapter, which is the foundation of knowledge, and what is the role of dialectics in it? In the third chapter, the nature of knowledge and how the process of remembering knowledge is stated. In the fourth chapter and the end, the properties of true wisdom and knowledge we have expressed. After that, the conclusion has been reached. Keywords: (Plato, epistemology, dialectic, empirical knowledge, true wisdom).

## العملية المعرفة في فلسفة أفلاطون

### الملخص:

التأمل في نظرية المعرفة هو أحد جوانب الفلسفة التي لا تنفصم. في تفكير الفلاسفة المعرفيين ، جرت محاولة للإجابة على أسئلة مثل الحكمة الحقيقية ، ما هي الخصائص؟ كيف يتم الحصول على المعرفة؟ ما هي طبيعة المعرفة؟ جودة المعرفة الحقيقية وحدود المعرفة البشرية ... هي مواضيع في مجال نظرية المعرفة (المعرفة) تمت مناقشتها. يلفت الفلاسفة الانتباه في هذا الصدد ؛ في الفلسفة اليونانية الكلاسيكية ، يمكن اعتبار أفلاطون مثالا رائعا للنقاش في هذا المجال ، والذي تمت مناقشته في هذه الدراسة. على الرغم من أنه لم يؤلف كتابا محددا حول هذا الموضوع ، إلا أنه طرحه في معظم حواراته ويمكن مناقشته. وقد أدى ذلك إلى استخدام المنهج التاريخي التحليلي في هذه الدراسة وتضخيم مرور نصوص هذا الفيلسوف وتقديم تحليل معرفي. ولتحقيق هذا الهدف تم تقسيم البحث إلى أربعة فصول وخاتمة واحدة. في الفصل الأول ، بناء على طريقة تفكير أفلاطون ، جرت أولا محاولة للتعبير عن نقده لمنهج المعرفة التجريبية ، وكيف يشكك في العامل التجريبي والفكر الصوفي. ثم يتم ذكر بديل المعرفة التجريبية في الفصل الثاني ، ما هو أساس المعرفة وما هو دور الديالكتيك فيها. في الفصل الثالث ، طبيعة المعرفة وكيف يتم ذكر عملية تذكر المعرفة. في الفصل الرابع والأخير ، وصفنا خصائص الحكمة والمعرفة الحقيقية. بعد ذلك ، تم التوصل إلى الاستنتاج. الكلمات المفتاحية: (أفلاطون ، نظرية المعرفة ، الديالكتيك ، المعرفة التجريبية ، الحكمة الحقيقية).

### لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

١. ئەفلاتون، کۆمار، و. د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢. ئەفلاتون، سیاتیتۆس، و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣. ئەفلاتون، مینۆن، و. ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی موکریانی، هەلێر، ٢٠١٤.
٤. ئەفلاتون، پۆزش، و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٥. ئەفلاتون، فایدۆن، و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان، دەزگای ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٥.
٦. ئیمام عبدالفتاح ئیمام، دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا، و. هۆشمەن جەلال، ناوەندنی غەزەلنوس، سلێمانی، ٢٠١٥.
٧. بێرتراند ڕاسیل، مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، و. فازیل مەحمود، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولیر، ٢٠١١.
٨. حەمید عەزیز. سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولیر، ٢٠٠٨.

٩. ئەحمەد المنیاوی، شاری نموونەیی لای فەیلەسوفان، و. گەرمیان محمد، چاپخانەی ،بیرمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٠. اندریه لالاند، موسعه لالاند الفلسفی، ت.خلیل احمد خلیل، منشورات عویدات، بیروت، ٢٠٠١.
١١. الکسندر کواریه، مدخل لقرا افلاتون، ت.عبدالمجید ابو النجا، دار المصریه، قاهره، ٢٠٠١.
١٢. امیره حلمی مطر، الفلسفه عند الیونان، دار الشعب، قاهره، ١٩٦٥.

١٣. بول ریکور، الوجود والماهیه والجوهر لدی افلاطون و ارسطو، ت.حبیب الجربی و فتحی انفزو و محمد ساسی و محمود محجوب، المرکز الوطنی للترجمه، تونس، ١٩٥٤.
١٤. چارلیس تەیلۆر ،ڤیستن کریستۆڤەر، مێژووی فەلسەفەی ڕاتلیج، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠١٨.
١٥. دبلیو کی سی گاتری، تاریخ فلسفەی الیونان، ت.حسن فتحی، فکر روز، تهران، ١٣٧٧.
١٦. جان فرانسوا ماتیی، افلاطون، ت.حبیب نصرالله نصرالله، مکتەب المجد، بیروت، ٢٠١٢.
١٧. حەمید عەزیز، بنەڕەتەکانی فەلسەفە، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٨.حەمید عەزیز، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٩.دیار عبدالباقی خەلیل، هۆکارو کاریگەرییەکانی بەشداری کۆماری ئەفلاتون لە وێناکردن چەمکی مەدینە فازیلە لای فارابی، هەولیر، ٢٠١٦.
٢٠. دیف روبنسون و جودی جروفز، اقدم لک افلاطون، ت.امام عبدلفتاح امام، المجلس الاعلی للثقافه، قاهره، ٢٠٠١.
٢١. عبدالجلیل کاضم الوالی، الفلسفه الیونانیة، الوراق للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٩.
٢٢. عزت قرنی، الفلسفه الیونانیه حتی افلاتون، مکتبه نرجس، الکویت، ١٩٩٣.
٢٣. فردریک چارلز کاپلستون، تاریخ فلسفه، ت.سید جلال مجتبوی، انتشارات سروش تهران، تهران، ١٣٨٠.
٢٤. ولتر ستیس، الفلسفه الیونانیه، ت.مجاهد عبدالمنعم مجاهد، دار السقافه للنشر والتوزیع، قاهره، ١٩٨٤.
٢٥. نبیل عبدالحمید عبدالجبار، تاریخ الفلسفه الیونانیه، مرکز اکد للطباعه، اربیل، ٢٠٠٨.
٢٦. محەمەد کەمال، فەلسەفەی ئەفلاتون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢٧. مەجدی کامل، ئەو فەیلەسوفەی هێشتا زیندووە، و. سەلاح سەعدی، چاپخانەی ئاوێر، هەولیر، ٢٠٠٩.
٢٨. مصطفی غالب، افلاطون سلسله فی سبیل موسەعه الفلسفیه، دار المکتبه الهلال، بیروت، ١٩٨٨.
٢٩. مجدی کیلانی، الفلسفه الیونانیه من طالیس الی افلاطون، جامعه الاسکندریه، الاسکندریه، ٢٠٠٩.
٣٠. یوستاین گاردەر، جیهانی سوفیا، و.بەهرۆخ حەسەن، ٢٠٠١.
٣١. یوسف حامد الشین، الفلسفه المثالیه، المنشورات جامعة قار یونس، بنغازی، ١٩٩٨.
٣٢. یوسف کرم، مێژووی فەلسەفەی یۆنانی، و، عومەر عەلی غەفور، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢١.